

سابیر ڕەشید

# چیرۆکنووسانی کەرکووک
# لە نەخشەی نوێکاری چیرۆکی کوردیدا

ئەگەر تەماشای نەخشەی چیرۆکی کوردی بکەین، دەبینین شاری کەرکووک زیاتر بایەخی بە ئەدەبی پەخشان داوە، کە چیرۆک لکێکە لەو ژانرەدا. ناوی چیرۆکنووسانی "کەرکووک" لەم نەخشەیەدا دیار و بەرچاوە و چیرۆکنووسان خزمەتێکی زۆری چیرۆکی کوردییان کردووە بەتایبەتیش لە بواری نوێکردنەوە و نوێخوازی چیرۆکی کوردیدا.

هەندێک لەو چیرۆکنووسانە شان بەشان بووینە لەگەڵ نوێکارانی چیرۆکی کوردی لە سلێمانی و هەولێر و دهۆکدا، بەڵام هەشیانە دەستپێشخەر بووینە لە سەردەمی خۆیاندا وەک: شەهید "شێخ مارف بەرزنجی" چیرۆکنووس، کە یەکەم کەس بووە لە مێژووی چیرۆکی کوردی لە ناوەڕاستی پەنجاکاندا بەشێوازی شەپۆلی هۆش چیرۆکی نووسیبێ و خۆشی لە نووسینەکانیدا باسی کردووە، باسکار "عومەر مەعرووف بەرزنجی" لە کتێبی سەرجەم بەرهەمەکانی باسی ئەم راستییەی کردووە، هەروەها "د. ئیبراهیم قادر محەمەد"یش لە تێزی دکتۆرانامەکەیدا کە بە ناوونیشانی "لێکۆڵینەوەی کورتەچیرۆکی کوردی لە کوردستانی باشوور ١٩٧٠- ١٩٨٠" لە بابەتی نوێکردنەوەی گێڕانەوە لە دەیەی حەفتاکاندا هەمان رای هەیە، بەڵام نابێ رۆڵی چیرۆکنووس "حوسێن عارف"یش لە یاد بکەین لەم نەخشەیەدا کە لە ساڵی ١٩٥٧دا بە چیرۆکی "چای شیرین" بە یەکەم چیرۆکی نوێی کوردی تۆمار کراوە کە تا نیوەی دووەمی دەیەی شەستەکان لە تۆماری نوێکردنەوەی چیرۆکی کوردی "سەدرەدین عارف"ی کەرکووکی لە ساڵی ١٩٦٧ لە چیرۆکی "کوێرە

ڕێبـــەکـــانی ژیـان"دا کــە لە ڕۆژنامـــەی "برایـی" ژمـــارە "١٠"ی ڕۆژی ١٩٦٧/٧/٢٢دا بڵاو کراوەتەوە بە تەکنیکێکی نوێ ئەم چیرۆکەی نووسیوە.

هەر لەم مـاوەیـەدا " ئیحسـان مسـتـەفـا"ی هەولێری و "کـاکە مـەم بۆتانی" بـە تەکنیک و ستـایلی نوێوە لە چیرۆکنووسانی پێش خۆیان جیا دەبنـەوە و تۆماری خۆیان دەخـەنە پێش دەیەی حەفتا. سـەرەتای دەیەی حەفتاش چ لە ناو بزووتنەوەی "ڕوانگە" و چ لە دەرەوەی ئەم ڕێچکە نـوێیە شـەپۆلێکی نوێکردنەوە. دەکەوێتـە ناو بڵاوکـردنەوەی چیرۆکی کـوردی چ لە کۆوار و ڕۆژنامـەکانی ئەو کاتە و چیش بەشـێوەی کتێبی سـەربەخـۆ و ئەمـەش بەتەواوی هەست بە گۆڕینی شێوەی ئاسـایی جاران دەکرێت لە چیرۆکی کوردیدا سـەردەستـەی ئەم نوێکارانـەش لە پاڵ "حـوسێن عـارف" و هی تریش "لەتیف حـامیـد بەرزنجی" و "ئەحـمـەد شـاکـەلی" کـە هەردووکیـان کەرکـووکین و ڕۆڵیـان دیـارە و تەواو خـۆیان جـیـا دەکـەنەوە لە گۆڕینی فۆرم و ناوەڕۆکی چیرۆکی کوردی و بە چەندان تەکنیک و شێوازی جیا جیا کە من لە نووسینەکانی خۆمدا باسم کردوون و لێرە ناتوانین باسی بکەین.

بۆیە بـەڕای من "سـەدرەدین عـارف و لەتیف حـامـیـد بەرزنجی و ئەحـمـەد شـاکـەلی" بە سێکوچکەی دامەزرێنەری نوێکاری چیرۆکی کوردی دادەنرێن.

دوای سـەرەتای دەیـەی حـەفـتـاکـانیش شـەپۆلی نوێکاری چیـرۆکی کوردی لە کـەرکـووک بەردەوام دەبێت و چیرۆکنووسانی وەک: سـەلاح شوان و عەبدوڵا سەراج و محەمـەد موکری و سەلام مـحەمـەد و جەلیل کاکەوەیس و ئەحمـەد مـحـەمەد ئیسماعیل و فەرهاد شاکەلی و غەفوور ساڵح عەبدوڵا و حەکیم کاکەوەیس و سەلاح حەسەن پاڵەوان، بەڕێچکەی نوێخوازی لە چیرۆکی نوێی کوردیدا داندراون و هەمووشیان کەرکووکین و هەوڵی بەرچاویان هـەیە و جێـیـان دیارە لە کـاروانی نوێخـوازی چیرۆکی کـوردیدا، ئەمـەش پێـویستی بـە وردەکاری لێدوان هەیە و لێرە ناتوانرێ لەمە زیاتر باس بکرێت.

بێگومـان چیرۆکنووسـانی دەیەی هەشـتـاکـان و دوای ڕاپەڕینیش چەندان قـەڵەمی تر لەم شارەدا بەدیار کەوتوون کە ئەوانیش لە باسی تری سەربەخۆدا باس دەکرێن.

جا ئەگـەر ئێمـە لەم نووسـینـەدا تیشکی زیاترمـان خـستـبێتـە سـەر چیرۆکنووسـانی کـەرکـووک کـە ڕۆڵیـان لە نوێکردنەوەی چیـرۆکی کـوردیدا نـاتوانرێ پشگوێ بخـرێت، بەڵام چیـرۆکنووسـانی شـارەکـانی تری کـوردسـتـانیش لـە نوێکردنـەوەی چیـرۆکی کـوردیدا ناشـاردرێتـەوە، بەڵام چی بکەین ئەوا لە نەخشـەی چیرۆکی کوردیدا چیـرۆکنووسـانی ئەو شـارە بەشی شێریان بەرکەوتووە و ئەم بـابەتەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی زانستی هـەیە، کە لە زانکۆکانی کوردستاندا پسپۆڕان بەوردی لێی بکۆڵنەوە.